**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**

پشت بەستن بە حوکمی برِگە (1) و(5)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراوو لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (13)ی رِۆژی 2008/4/30 یدا ئەم یاسایەی دەرچواند:–

## یاسای ژمارە ( 3 )ی ساڵی 2008

## یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان ـ عیراق بۆ ساڵی 2008

**ماددەی یەکەم:**

بۆ خەرجییەکانی ساڵی دارایی 2008 گوژمەی (7628783)تەنیاحەوت ترلیۆن و شەش سەدو بیست و هەشت ملیارو حەوت سەدو هەشتاو سێ ملیۆن دینار دادەنرێ و بەم جۆرە دابەش دەکرێ:

یەکەم: گوژمەی (2879079)تەنیا دوو ترلیۆن و هەشت سەدو حەفتاو نۆ ملیارو حەفتاو نۆ ملیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی پرِۆژە سەرمایەدارایيەکان.

دووەم: گوژمەی(4674842)تەنیا چوار ترلیۆن و شەش سەدو حەفتاو چوار ملیارو هەشت سەدو چل و دوو ملیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی بەکارخستن.

سێیەم: گوژمەی(54908)تەنیا پەنجاو چوار ملیارو نۆسەدو هەشت ملیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی ئەنجومەنی نشتمانیی کوردستان – عیراق.

چوارەم: گوژمەی(19954)تەنیا نۆزدە ملیارو نۆسەدو پەنجاو چوار ملیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی دەسەلاّتی دادوەریی.

**ماددەی دووەم:**

داهاتەکانی بودجەی ساڵی دارایی 2008 لە سەرجەم خەرجییەکانی بودجەی فیدراڵی بە (6580784)تەنیا شەش ترلیۆن و پێنج سەدو هەشتا ملیار وحەوت سەدو هەشتاو چوار ملیۆن دینار دەخەملێندرێ.

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان – عیراق پارەی حساباتی وەزارەتەکان و فەرمانگەکان بەپێی ئەو داهاتە داراییەی بەردەست دابین دەکات.

**ماددەی چوارەم:**

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عیراق بۆی هەیە گوێزانەوە لەناو بودجەی تایبەت بە ئەنجومەنی نیشتمانی بکات.

**ماددەی پێنجەم:**

سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی بۆی هەیە گوێزانەوە لەناو بودجەی تایبەت بە ئەنجومەنی دادوەریی بکات.

**ماددەی شەشەم:**

یەکەم: دەسەلآت بە وەزیری دارایی دەدرێت گوێزانەوە لەنێوان پارە تەرخانکراوەکانی یەك دەروازەدا بکات جگە لە بەشی مووچەکان، کە دەشێ بۆ بگوێزرێتەوە و نابێ لێی بگوێزرێتەوە.

دووەم: نابێ گوێزانەوە لە نێوان پارە تەرخانکراوەکانی گەشـــەپێدان لـــە نێوان پارێزگاکاندا بکرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

وەزیری دارایی بۆی هەیە گوێزانەوە لە نێوان پارەی تەرخانکراوی دەروازەکانی بودجەدا بکات بە مەبەستی فەراهەم کردنی توانای خەرج کردن بۆ ئەو فەرمانگانەی کە بڕیاری لێکردنەوەیان لە وەزارەتێك و خستنیان بۆ سەر وەزارەتێکی تر دەدرێ و وەزیری پەیوەندیداریش بۆی هەیە گوێزانەوە لە ناو بەشێك و یەکەیەکی خەرجکردنەکەدا بکات.

**ماددەی هەشتەم:**

دەسەلآت بە وەزیری دارایی دەدرێت پـارەی تـەرخان کـراوی گشـتی پەسـەندکراو کـە لـە بودجەی سالّی دارایی 2008 دا بە ڕێژەی 1٪ بخاتە سەر پارەی تەرخانکراوی گشتی پەسـەند کراوی بودجە بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

یەکەم: تەرخان کردنی گوژمە پارەی پێویست بۆ بودجەکانی فەرمانگە لە نوێ دامەزراوەکان لە ماوەی سالّی دارایی 2008دا.

دووەم: تەرخانکراوی نوێ بخاتە سەر بودجەی وەزارەت و فەرمانگەکان بۆ حالّەتە ناکاوییەکان کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات.

**ماددەی نۆیەم:**

وەزارەتی دارایی بە هەماهەنگی لەگەلّ وەزارەتەکانی دیکەدا وردەکاری میلاکەکانی هەموو وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان – عیراق بۆ سالّی دارایی 2008 ڕێك دەخات و پەسەندی دەکات لەبەر ڕۆشنایی پارەی تێچوونی مووچەکان کە لە بودجەدا پەسەند کراون.

**ماددەی دەیەم:**

یەکەم: وەزیری پەیوەندیدار دەسەلآتی خەرج کردنی گوژمەیەکی هەیە کە لە (250)دووسەدو پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێ بۆ هەر حالّەتێك وبۆی هەیە دەسەلآت بە سەرۆکەکانی ئەو فەرمانگانە بدات کە سەر بە وەزارەتەکەیەتی گوژمەیەك خەرج بکەن کە لە (100)سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێ.

دووەم: سەرۆکی ئەو فەرمانگانەی کە بە وەزارەتەوە نەلکاون، دەسەلآتی خەرج کردنی گوژمەیەکیان هەیە کە لە (150)سەدوپەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێ بۆ هەر حالّەتێك لەگەلّ ڕەچاو کردنی نەچوونە ناو هیچ ئیلتیزامێك کە پشتیوانەی تەرخانکراوی لە بودجەدا نەبێ.

**ماددەی یازدەم:**

گوژمە پارەی پیتاکانەی کە بە وەزارەتەکان و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەتەوە بەخشراون دوای قەبوولّ کردنی لەلایەن وەزیری داراییەوە دەبێتە داهاتی کۆتایی بۆ بودجەی گشتی بە مەرجێك وەزیری دارایی لە پشتیوانەی وەزارەت یان بۆ لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەتەوە تەرخان بکات تاکو خەرج بکرێ بۆ ئەو مەبەستەی کە لە پێناوی دا بەخشراوە.

**ماددەی دوازدەم:**

سولفەی خانووبەرە بۆ هاوولاتیان بەپێی هەل و مەرجێك خەرج دەكرێ كە وەزارەتی دارایی دەستنیشانی دەكات.

**ماددەی سێزەم:**

پێویستە لەسەر وەزارەتی دارایی وەرگرتنەوەی قستی سولفەی كشتوكالی بۆ ئەم ساڵ كە لە هەرێم دراوە دوابخات و لە قازانج و سوودی یاسایی بۆ ئەو ماوەیە خۆش بێت.

**ماددەی چواردەم:**

پێویستە وەزارەتی دارایی گوژمە پارەی پێویست لە بودجەی گشتی تەرخان بكات بۆ چارەسەر كردنی ئاسەواری وشكە ساڵی بۆ وەرزی ئێستا لە هەرێمدا.

**ماددەی پازدەم:**

پێویستە وەزارەتی دارایی یەكسانی لە نێوان مووچەی كارمەندانی دەزگاكانی هەرێم لەگەڵ مووچەی هاوشانانیان لە كارمەندان لە دەزگا فیدراڵییەكاندا بەدی بێنێ.

**ماددەی شازدەم:**

پێویستە وەزارەتی دارایی یەكسانی لە نێوان مووچەی هەموو خانەنشینكراوەكانی هەرێم لەگەڵ مووچەی خانەنشینی هاوشانە خانەنشین كراوەكانیان لە دەزگاكانی فیدراڵی دا بەدی بێنێ.

**ماددەی حەڤدەم:**

پێویستە وەزارەتی دارایی راپۆرتی دەوری هەر شەش مانگ جارێك لە بارەی باری دارایی هەرێم بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عیراق پێشكەش بكات.

**ماددەی هەژدەم:**

وەزیری دارایی بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانكاری جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە لە ماوەی دوو هەفتە لە مێژووی دەرچوواندنیەوە دەربكات.

**ماددەی نۆزدەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی بیستەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژنامەی فەرمی(وەقایعی كوردستان) بلاودەكرێتەوەو لە رۆژی (2008 /1/1)ەوە جێبەجێ دەكرێ.

**عدنان موفتی**

**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**كوردستان ـ عێراق**

---

تێبینی: ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە 10 لە2008/5/20 لەلایەن سەرۆكی هەرێمی كوردستانەوە دەرچوێنرا